## تۆڕی تیرۆریستیی شێخ زانای بەناو جیهادو شەریعەتی خوا:

# کوشتنەوە... پارچە پارچەکردن... نێربازی...

**پاش زنجیرەیەک کاری تیرۆریستی نامرۆڤانە لە پایتەختی کوردستان هێزەکانی ئاسایش و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی پاراستنی سەقامگیری تواناییان تۆڕێکی زۆر ترسناک و گەورەی تیرۆریستی بەناوی تۆڕی شێخ زانا و هاوکارەکانی دەستگیر بکەن، سەرنج لەکارە نامرۆڤەکانی ئەو کوڕە بدەن کە چۆن بەناوی ئایین وجیهاد و حوکم کردن بە شەرعی خوا گەنجیان فریوداوە و دواتر دەستیان کردووە بە سەربڕینی خەڵک و کاری سێکسی و نێربازی و مەشروب خواردنەوە و ئەتک کردنی کچان و چەندین کاری قێزەوەنی تر کە دواجار هەر هەموشیان بەناوی جیهاد و ئەرکەکانی موجاهید و شەرعی خوا ئەنجام داوە، «خەبات» بە زنجیرە لێدوانی ئەو تیرۆریستانە بە زمانی خۆیان و دەق بڵاو دەکاتەوە:**

### تاوانباران شێخ زاناو مولازم دلێر لە کاتی سەربڕینی گوڵەبەرۆژەفرۆشە بێ تاوانەکە

## سەرەتاکانی تێکەڵ بوونی زانای تاوانبار بە کاری تیرۆریستی

**تاوانبار شێخ زانا باسی سەردەمی قوتابیەتی دەکات لە کۆلێژی ئەندازیاری وپەیوەندی لەگەڵ گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستییەکان ودەڵێت:** لە کۆلیەی هەندەسە هاشم زۆر برادەرم بوو، ئەو سەرپەرشتی تەنزیمی هەولێری دەکرد لەگەڵ هێمنە عوسمان، دواتر کۆمەڵێک کەسی ترم ناسی، ئەو هێمن لەدوای یەکی شوبات ئەمری قەبزی هەبوو بەهیچ شێوەیەک بۆی نییە بێتەوە مەنتیقەی شیمالی، عبوە ناسفە عایدی هاشم بوو، بەشێوەیەکی وا عبوەکان دادەنرانەوە هەر لێی نزیک بنایەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەتەقییەوە، ئێمە هەموو جۆرە هاوکارییەکمان بۆ دەهات هەرچی بمانویستبا لە بەغدا بۆمان دەهات، ئەوەی سەرپەرشتی عەمەلیاتی بەغدا دەکات ناوی عەلی وەلی یە، عەلی وەلی ئێستا لە ئێرانە خەریکی عەمەلیاتی قاچی بووە و ئێستا رەنگە گەڕابێتەوە، ئەبوعەبدوللای شافیعیش هەر لەبەغدا دادەنیشێ، زانا باس لەوەش دەکات کە ئەوان چەندەها جۆری هەویەی تەزویریان لەلابووە و جۆرەها چەکیشیان هەبووە لەم بارەیەوە دەڵێت: هەموو جۆرە چەکێکمان هەبوو، ئەو ماددەمان هەبوو دەدایە هەرکەسێکی یەکسەر نامرێ پاش هەفتەیەک دەمرێ، دەخەیە ناو چاو و شتی تر.

## کوشتن و سەربڕین مەرکەزی قیادی

**تیرۆریستی ناوبراو باس لەوەدکات کە گرنگ نییە کەسێک دەکوژێت یان سەیارەیەک دەتەقێنرێتەوە ئەوانە شتی لاوەکی بوون گرنگ ئەوەبوو شەبەکەکان تەحەروک بکەن و بەیەک بگەن، کوشتن و سەربڕین ئیعتیادی بوو، کوشتنەوە ئیعتیادی بوو، ئەوانەی کە سەرمان بڕینە 10 گەنجێک دەبن لەمەرکەز قیادی، لەو ژێترزەمینەی ئەوێ گەنجان سەر دەبڕدران،زۆر گرنگ بوو کە سەرەتا دلێر فێرە سەربڕین بێت.**

## دروست کردنی گرووپێکی سەربەخۆ

**زانا باس لەوەدکات چۆن گرووپێکی سەربەخۆی دروست کردووە و دەڵێت:** بڕیارم دا گرووپێکی تایبەت بە خۆم دروست بکەم، ئەو گرووپەمان دروست کردو ئەوکات کاتی شەڕ و شت بوو، لەو مەنتیقەی هەندێ چالاکیمان نواند، دواتر بڕیارماندا نەشاتەکانمان داخیلی هەولێر بکەین، ئەندامانی گرووپەکە زۆر بوون.

## ئەژی و هاتنە ناو کاری تیرۆریستی

**ئەژی باسی چۆنیەتی چونە مزگەوت و دست کردن بە چالاکی سیاسی دەکات و دەڵێت:** لەسەرەتا هاتووچۆی مزگەوتی ماجیدیم دەکرد کە لە مالمان نزیک بوو، هەتا ئەوەبوو سالی 1997 شێخ زانای ئامۆزام مەوزوعی لەگەڵ کردمەوە کە ئامادەبیت هەیە کۆمەڵەیەکی موسڵمانی جیهادی دابمەزرێنین، دەبێت لەگەڵمان ئیش بکەی، شێخ زانا خۆی کاتی خۆی سەر بەکۆمەڵەی جیهاد بوو، کورێکی تریش هەبوو بە ناوی یوسف کە پێی دەڵێن کرێکار.

## ئەژی تاوانەکانی کرێکار دەگێڕێتەوە

**ئەژی تیرۆریست و ئامۆزای شێخ زانا باسی درندانەترین کارە چەپەڵەکانی یوسفی تاوانبار دەکات کە ناسراوە بەکرێکار و دەڵێت:** یوسف بەکاتم سەوت لەسیحربازێکی داو کوشتی، هەروەها مەنسوری ساحێبی کتاب موقەدەسی کن تەربیەی کوشت، هەروەها بە کاتم سەوت لە مەحمەد عوبێدیشی داو کوشتی، یەکێکی تریشی بە کاتم سەوت بە ناوی هەژار کوشت، بە دەمانچەی کاتم سەوت ویستی مەشروب فرۆشێک بکوژێ، بەڵام دەمانچەکەی چروکی کرد نەیتوانی لێی بدات، کارزانیش کورێکی تری هێنابووە تەعجیل کرێکار بەکاتم سەوت لێبداو کوشتی.

## ئەژی هەڤاڵیش دێنێتە ریزی تیرۆریستان

هەڤاڵ کورێک بوو عیلاقەی لەگەڵم هەبوو، سالی 2000 بوو موفاتەحەم کرد بۆ کاری جەماعی، گوتم ئێمە جەماعەتێکی ئیسلامی جیهادینە ئەگەر دێیتە ناومان بۆ ئیقامەی حوکمی خوا و شەرعی خوا، ئەگەر ئامادەبیت هەیە ئیش بکەی لەگەڵمان، هەڤاڵ مالی لە حەی جغارەیە، خەریجی کولیەی تەربیەیە بەشی عەرەبی، هەڤاڵ ئامادەیی دەربڕی کە ئیش بکات لەگەڵمان.

## ڕاهێنان لە تەوێڵەو بیارە

**ئەژی تیرۆریست باس لەچۆنیەتی سەفەرکردنیان بۆ تەوێلە و بیارە دەکات بۆ تەدریب و راهێنان و دەڵێت:** من و عەباس و هەڤاڵ و هاشم چووینە سەفەرەکە بۆ لای بیارە و تەوێلە، کە دەورەکیان بۆ بکەنەوە و فێرە تەدریبیان بکەن لەسەر ئەنواعی چەک، دەورەکە سڕپە و بۆ نەفەری تەنزیمی ونەفەری ناو شاریە، هیوا یان هاشم باسی عەمەلیاتی خۆیانیان بۆ هەڤاڵ دەکرد کە چیان کردیە بە عام لە عێراق و مووسڵ لەکەرکووک لەبەغدا.

## ئەو ئامانجانەی داوایان دەکرد

ئەژی لەقسەکانی وادیارە کە هیوا و هاشم زیاتر چالاکیەکانیان لە ناو عەرەب بوو، بۆیە باس لەوە دەکات کە ئەوان داوای ئامانجی دیاریان لە ئەژی و جەماعەتی دەکرد، ئەوەبوو باس لە یەکێک لەو نموونانە دەکات ئەوان داویان دەکرد کە مقەرێکی موخابراتی لەشۆڕش هەیە هەڤاڵ یەک دووجار چوو نەی دیتەوە، ئەمن گوتم وەرە مقەرێک هەیە پێت پیشان دەدەم ئەتۆش بەوان بڵێیەوە، مەبەستی هەڤاڵ کە بە هیوا و هاشم بڵێت ئەویش پێی گوتن، ئەوانیش نەفەرێکی عەرەبی غەیرە عێراقیان هێناو خۆی پێدادا و تەقێنرایەوە.

## سەربڕین و پارچەپارچە کردنی مرۆڤ

**ئەژی تیرۆریست بەسەریەک چەند ڕووداوی جیاواز دەگێڕتەوە کە لەمالی تیرۆریست شێخ زانا دەکرێن و پارچە پارچە دەکرێن، ناوبراو بە پچڕپچڕی دەڵێت:** یەکەمیان هێنامانە مالەوە و تەحقیقمان لەگەڵی کرد و دواتر بورهان تەلعەت بەدەمانچەی کاتم سەوت لێی داو کوشتی،دوایی سەرمان بڕی و پارچەپارچەمان کرد، ئەوەی دووەم چوار ساڵ دەبێت کاروخ هێنایە مالی شێخ، ئەمن بەکاتم سەوت لەیەکێکم داو وابزانم کاروخ و هیمداد ئەوەی دیان کوشت بەچەقوو، یەکێکی تریش قەدیم تر هەبوو لە 97و 98 بوو لەگەڵ دلێرو شێخ بەکاتم سەوت نازانم کامەمان بووین لێمان داو ئەمن و دلێر سەرمان بڕی، ئەو چارپێنج نەفەرەی ئەخیری، ئەمن و وەستا تاهیر و سۆرانی کوڕی، کاروخ، مەریوان، لەگەڵ شێخی پێکەوە سەرمان دەبڕین و پارچەپارچەمان دەکردن، دەمانخستنە ناو عەلاگەی و جێ جێمان دەکرد.

## پەیوەندی دلێر و زانای تیرۆریست

**تیرۆریستی گەورە شێخ زانا سەرەتاکانی ناسینی تیرۆریست مالزم دلێر باس دەکات و دەڵێت:** مالزم دلێر ئەوکات تەڵەبە بوو، زۆرم ئیهتیمام پێ دەدا، تەعاروفی من لەگەڵی سەرەتا لە سەفی سێیی متەوەستەی بوو، لە سەفی سێ ئەمن دەرسم دەخوێند لە غاباتی خانزاد بەرامبەر مستەشفای جمهوری، ئیتر بەواستەی دەرس شەرح کردن و بە واستەی دەرس پێگوتنی چەند سەعاتەکی، دلێر بووە برادەرم، یارمەتیەکی ماددیشم دەدا بەڵام کەم، چونکە ئەوکات ئەمنیش وەزعی ماددیم زۆرباش نەبوو، یەعنی ئەوەی لە دەستم بوایە کە متەرخەمیم بۆی نەدەکرد بە تایبەت لە مەسەلەی دەرس پێ گوتن، هەوڵم دەدا دایم ئەو کوڕە زیرەک بی لە دەرسەکان، لە مەکتەبێ پێشکەوتوویی، نەقسی دروسی نەبێ، لەگەڵ ئەوەی دەرسی مەکتەبێم پێ دەگوت، دەرسی دینیشم پێ دەگوت، هەتا گەیشتە مەرحەلەیەکی ئیعدادیەی، کە بووە شەشی ئیعدادیەی ئیهتیمامێکی زۆرترم پێدا چونکە مەرحەلەیەکی ناسکە، پاشان ویستی تەقدیمی مەعهەدی بکات، ڕەئی منی پرسی ، پێم گوت خراپ نییە، بەس (کولیەی شورتە تازە بیدایەتی گەرمە گەرمەی بوو)، لۆ ناچی تەقدیمی کولیە شورتەی بکەی، ملازمی مەنسەبەکی موعتەبەرە، گوتی باشە، تەقدیمی کولیە شورتەی کرد، بە چەند محاوەلەیەک کە خزم و کەسی بۆیان کرد، وەرگیرا، بەڵام جارجارە وەکو یارمەتیەک لە بۆ عائیلەکەی تەقدیمی موساعەداتی مادیم لە بۆی دەکرد، هەتا کولیەی شورتەی تەواوکرد، کە کولیە شورتەی تەواوکرد تەقدیمی ئاسایشی کرد، وەرگیرا لە ئاسایش، فەترەکی زۆری بە سەرچوو مەعلوماتی نەدا من، دەیگوت حەزدەکەم هیچ لەکەو گلەیم نێتە سەر، دەیگوت لە ئاسایش زۆر چاوتیژو وردن، زۆر ئیهتمامم پێی دەدا، پێش ئەوەی بچێتە ئاسایش زۆر هانم دەدا کە سەفەر بکات، بەڵام کە چووە ئاسایش زۆر مەجالی نەبوو چوار مانگ جارێک دەیتوانی یەک سەفەر بکات، هەدەفم ئەوەبوو چاوی بیتەوە، چونکە بە حەقیقەت سەفەر کردن مەدەرسەیە لە هەموو مەجالێک، منیش هەدەفم ئەوە بوو ئەو جەماعەتەی کە لەگەڵ من ئیش دەکەن، ئیشی خاس دەکەین، زۆر زۆر زیرەک بن و تا بڵێی زیرەک و شەجاعەت و قوەتیان هەبێت، بۆ ئەوەی هەرئیشێک کە پێمان بسپێردرێ بە جوانترین و متکاملترین شێوە ئەنجامی بدەین و پێشکەشی بکەین.

## دەستەمۆ کردنی کوڕو کچ

بۆ ئەنجامدانی کێشەکان پێویستمان بە مەجموعە کوڕێک و مەجموعە کچێک هەبوو بە برادەرانمان گوت کە بتوانن هەندێ کوڕوکچ کۆنترۆڵ بکەن بۆ ئەوەی بتوانین لە دوارۆژ بە کاریان بهێنین، تاحەدێک دەتوانم بڵێم نەجاحەتمان هێنا لەو ئیشەی ، بە تایبەت دلێر دەورێکی باریزی هەبوو لەو قەزیەی.

## ڕاهێنانی دلێر لەسەر کوشتن و سەربڕین

**زانای تیرۆریست باس لە چۆنییەتی ڕاهێنانی دلێر دەکات لە سەر کوشتن و سەربڕین و ئەوەش دەگێڕتەوە کە ئەو چەندە گرنگی بەو بواڕە دەدات و دەڵێ:** یەکێک لەو کارانەی دلێر و یەعقوب و ئەوانی تر کردیان، نەفەرێک بوو لە نەقلیاتی هەولێر هەڵیان گرت و هێنایانە مالی ئێمە، پێم گوتن ئەو نەفەرە بکوژن، ئەوانیش سەریان بڕی و پارچە پارچەیان کرد و لە لای نەقلیات فڕێیان دا، هەدەفیشم ئەوەبوو دلێر بەقوەت بێ و دەستی لێ رابێت، ترسی نەبێت لە قەزیەی لێدان و کوشتن، بەو ئیعتبارەی دلێر نەفەرێکە لەو گرووپەی ئێمە دروستمان کردیە بۆ ئەوەی تەکوینێکی نەفسی بکات بۆ موستەقبەل.

## ئەژی تیرۆریست:

# یوسفی ناسراو بە کرێکار بە کاتم سەوت لە مەحمەد عوبێدی داو کوشتی



## شێخ زانای تیرۆریست کێیە؟

**زانا نەسرەت شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی، موالیدی 1970 ەیەو خەڵکی هەولێرە، کۆلیژی ئەندازیاری بەشی میکانیکی تەواوکردووەو پسپۆڕی (تبریدو تکییف)ە ماوەیەک لە کۆمەڵەی جیهاد کاری کردووە، خێزاندارەو کچێک وکوڕێکی هەیە، کچەکەی تەمەنی چوار ساڵوە کوڕەکەی تەمەنی دوو ساڵە.**



## تاوانبار ئەژی کێیە؟

**ئەژی موعتەسەم عەبدولکەریم بەرزنجی، لە سالی 1976لەدایک بووە و خەڵکی هەولێرە و دەرچووی کۆلیژی پەروەردە و بەشی بایۆلۆژیە لە زانکۆی سەلاحەددین و ئامۆزای شێخ زانای تیرۆریستە و دەورێکی بالای لەزۆرینەی کارە تیرۆریستەکان بینیووە و وەکو مامۆستای دەرس گوتنەوە زۆر کەسی پێگەیاندووە کە دواتر تیرۆریستەکان خۆیان باسی دەکەن.**